# هاوڕەگەز بازی (هۆمۆسیکسوالیتێت)

تامان شاکر
ئەلمانیا

یەکێك لە کێشە کۆمەلآیەتیەکاتی تری کۆمەلگەی کوردیدا(هاوڕگەز بازی)یە ئایا نەخۆشیە؟ یان دیاریدەیەکی سرووشتیە لە مرۆڤدا؟.یان بۆماوەیە؟ یان دیاریدەیەکی مەترسیدارە لە کۆمەلگەدا؟.

پەیوەندیە سێکسیەکان بە بەشێك لە پەیوەندیە ئاساییەکان دادەنرێت، ئەو پەیوەندیەش لە نێوان دوو مرۆڤدا.بە جۆرە باوەکەی.واتە لە نێوان نێرو مێدا دروست دەبێت، بەلآم بە دیوەکەی تریدا لە وانەیە لە نێوان پیاو پیاو یان ژن و ژندا دروست ببێت.ئەو کاتە کۆمەلگا بە شێوەیەکی نەشیاو لێدەڕوانی چونکە وەك ئەو سێکسە باوە نییە کە ئامانجی وەچەنانەوە بێت واتە (نێرو،مێ) بکات بە یەکێك و خێزانێکی ئاسایی دروست بکات.

مەرج نییە مرۆڤ سێکس تەنها بۆ وەچەنانەوە بکات.ئارەزووی سێکسی جۆرێکە لەجۆرەها ئەو ئارەزووانەی کەلە ناخی مرۆڤدا هەن،وەکو پێداویستیەکانی تری ژیان دەبێت دابین بکرێت و مرۆڤ چۆن گەدەی بە خواردن تێردەکات لە هەمان کاتدا دەبێت ڕۆحیشی تێر بکات.واز هێنان لە پرۆسەی سێکسی کارێکی ئەستەمە لەوانەیە مرۆڤ بەرەو ئاقارێکی تر بەرێت.

سێکس یان ئەو ویست و ئارەزووانە،مرۆڤیان گیرۆدەی خۆیان کردووە و.هەر ئەوەشە بۆتە سەرچاوەی بەشێکی گرنگی کێشەکانی ژیان.زۆر جار ئارەزووی مرۆڤەکان جیاوازەو لە رووی ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسیەوە.بۆیە دەبێت مرۆڤ جیاوازی ببینیٚ لە نێوان سێکسی ئاژەلٚ و سێکسی مرۆڤدا،و لەنێوان سێکسی ژن و پیاودا،کاتێك مرۆڤ ئەم جیاوازیانەی بینی دەتوانی پرسیاری تر بورژێنی.بۆچی هاوڕەگەز بازی؟

هاوڕەگەز بازی مێژوویەکی کۆنی هەیە وچ لە سەردەمی یۆنانییەکان، و یان لە سەردەمی سوڵتانەکان و چ لە دیوانی گەلێك لە پاشاو میرەکان،و لە کلێساکاندا.مێژووی مرۆڤایەتی پڕاو پڕن لەم بەسەر هاتانە.

کەباس لە هاوڕەگەز بازی دەکرێت هەموو کۆمەلگەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، بە تایبەتی لە ئەمەریکاو ئەوروپای ڕۆژئاوا بە پێی لێکۆلێنەوە زانستیەکانی بوواری سۆسیۆلۆگی لە هەفتاو شەش کۆمەلگایی جیهاندا هاوڕەگەز بازەکان هەن بەلآم مانای ئەوەنییە کە ئەم کۆمەلگایانە هەموو هاوڕەگەز باز بن، بەلکو هاوڕەگەز بازی وەك دیاریدەیەك لەناو ئەم کۆمەلگایانەدا هەیە بۆ نموونە لە ناوچەی (سیوا) لە ئەفەریقا دیاریدەیەکی زۆر ئاساییە،و پیاوەکان زیاتر لەگەل کوڕە گەنجەکان ئەو کارە دەکەن، کوڕە گەنجەکان لەم پەیوەندیە سێکسیە دەوری ژن دەبینن. پیاوەکان لە هەمان کاتدا خاوەنی ژن منالٚن،و زۆر جار باوکەکان کوڕە گەنجەکانیان لەگەل یەکتر دەگۆڕنەوە بۆ ئەم مەبەستە.ئەوان پێیان وایە کوڕەکانیان بەر لە ژن هێنان دەبێت شارەزاییان هەبێت لە ڕووی ژیانی سێکسەوە.لە ناوچەی (کیرانیك، نیۆگۆنیا) لە ئوسترالیاش هەمان دیاریدە هەیە بەپێی هەواڵێکی کەناڵی

جەزیرە چەند هەفتەیەك لەمەو بەر لە عەرەبستانی سعودیەدا هاوڕەگەز بازەکان بۆ یەکەم جار کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامدا و هەزارو سەد کەس بەشداریان تیدا کردبوو سەد لەوانە بەجل و بەرگی ژنانە هاتبوون بۆ هۆڵەکە.

هاورەگەز بازی تەنها لە نێوانی پیاواندا خۆی نابینێتەوە،بەڵکو ڕێژەیەکی زۆری ژنانیش بەهەمان شێوە لە پەیوەندیدان لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیان،و ژنان لە جیاتی ئەوەی پیاوێك بۆ هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن ،ژنێك بۆ ئەم پەیوەندییە دەدۆزنەوە،بەڵام لە ئەوروپا تێڕوانینێکی تر سەبارەت بەم پەیوەندیە هەیە کە دەڵێت زۆربەی ئەو ژنانەی کە دژی پیاوانن،یان تاقیکردنەوەی تاڵیان لەگەڵ پیاواندا هەیە، یان ئەو ژنانە هەستی سێکسیان زیاتر بەرامبەربەژنان دەجولێت وەك لە پیاوان،یان بەشێکیان دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەرو بۆیە نایانەوی لەگەڵ پیاواندا بژین و پەیوەندی سێکسیان هەبێت.خۆیان لەم پەیوەندییەدا دەدۆزنەوە.

لە کوردەواریشدا بێگومان پەیوەندی ژن وژن زۆر کۆنە بۆیە لە پەندێکی کوردیدا هاتوە دەڵێت( پانی بە پانی قازانجی کوانی) لە ڕاستیدا لە وانەیە ئەو وتەیە لە ڕوانگەی ئەوەو هاتبی کە ئەم پەیوەندی وەچەی لێناکەوێتەوە،بەڵام بێشك قازانجی ڕۆحی بۆ کەسەکان هەر تێدابووە.

لە کۆمەڵگایەکی داخراوی وەك کۆمەڵگەی کوردەواریدا پەیوەندی ژن و ژن یان پیاو پیاو بەیەکەوە زۆر ئاسانترە،لە پەیوەندی ژن و پیاو بەیەکەوە و سەرنجی کەسیش بەو شێوەیە بۆخۆی ڕاناکێشێت و ژنەکان یان پیاوەکان دەتوانن لە کەش و هەوایەکی ئازادا ئارەزووەکانی خۆیان تێر بکەن.بێئەوەی کەس پێیان بزانێت.چونکە کۆمەڵگایی ئێمە ئازادی مرۆڤی سنووردار کردووەو نرخی بۆ بەها مرۆییەکان دانەناوە لەوانەیە بە سەدان کەس هەبن هاوڕەگەز باز بن بەڵام نەوێرن باسی بکەن ولەگەڵ کەسێکی تر زۆر بە نابەدڵی لەبەر قسەی خەڵك خێزانیش دروست بکەن.بەلاتانەوە سەیر نەبێت لە کوردستان کەسانی وا هەن براو کوڕی خۆیان کوشتووە تەنها لەبەر ئەوەی هاورەگەز باز بوون، ئێستاش دەستەیەك لەپسپۆرانی بواری بۆماوە لە ئەڵمانیا پێیانوایە هاورەگەز بازی لەوانەیە بۆ ماوە بێت، یان زۆر جار مرۆڤ لە ئەنجامی نا هاوسەنگی لە هۆرمۆنەکانی لەشەوە دەبێتە هاورەگەز باز.

ئێمەی لە دوایی ڕاپەرین، ئەوەندە سەرقاڵی سیاسەتێکی هەڵە و شەڕی برا کوژی و پارەکۆکردنەوەو، بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی کوردستان بووین، نەمانتوانی لەگەڵ ڕاپەریندا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بکەین، بەها و سەروەری بۆ مرۆڤی کورد بگەڕێنینەوە،ڕێز لە هەست و ئارەزوو و بیرو بۆچونەکانی تاکی کورد بگرین،خەڵکی کورد چ لەلایەنی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بە ئازادی بژین.خۆیان بڕیار بۆ ژیانی خۆیان بدەن نەك ئێمە بڕیار بۆ ژیانیان بدەین.هەر بەو عەقلەی جاران لە مەسەلەکان نەڕوانین و وابزانین کە هەموو خەڵك موڵکی ئێمەن و، ئەوەی لە خەتی سوور لابدات بە سزای خۆی دەگەیەنین.

هاورەگەز بازەکان لە نێو گۆمەڵگادا بە کەسانی نەخۆش و نەشاز سەیریان دەکرێت و لە هەموو ئاینەکانیشدا هاورەگەز بازی نەفرەتی لێکراوە. زۆر جاریش لەلایەن دەوڵەتەوە بەربەرەکانی کراون و هەڕەشەی کوشتن و لە

ناوبردنیان لێکراوە،لە سەردەمی هیتلەر لە ئەڵمانیای نازیدا هاورەگەز بازەکان ژیانیان لە مەترسیدا بووەو تا ئەمرۆشی لەگەل بێت نازیەکان دژی ئەوانەن. لە لایەکی ترەوە هەندێك پێیان وایە کە هاورەگەز بازی بە تایبەتی لە نێوانی نێرینەدا،جێگای مەترسیە بەڵام ئەنجامدانی کاری سێکسی لەگەل نێرینە یاخود مێینە دەتوانی مەترسیدار بێت ئەگەر مرۆڤ خۆی نەپارێزێت و لەگەل کەسانی نەناسراو یان هەڵگرانی نەخۆشی ئیدز یان سفلس بەبی خۆپاراستن واتە بەبێ (کۆندۆم)،کاری سێکسی ئەنجام بدات.

ئەمرۆ ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی تووشی نەخۆشی ئایدز یان سفلس بوونە.بە تایبەتی لە وڵاتە هەژارەکانی وەك ئەفریقاو سۆڤییەتی جاران و بۆیە دەبێت مرۆڤەکان لەم ڕووەوە هۆشیار بکرێنەوە،لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی تەندروستی بەڵام ئەگەر ئەم پرۆسێسە هەر بە شاراوەیی بەڕێوە بچێت، بێگومان لەوانەیە کارەساتی لێبکەویتەوە.

بەڵام لەکەل ئەو پێشکەوتنانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیوە لە بواری مافی مرۆڤدا ئەمرۆ هاورەگەز بازەکان بە تایبەتی لە ئەوروپا هەموو ئازادییەکیان هەیەو دەتوانن بەیەکەوە خێزان دروست بکەن، ژیانێکی ئاسایی بژین.

لە لایەکەوە هاورەگەز بازەکان لە زۆربەی وڵاتاندا پۆستی هەستیاریان هەیە لە دەوڵەت بۆ نموونە لە ئەڵمانیا پارێزگاری شاری بەرلین یەکێکە لە هاورەگەز بازەکان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا خۆی بۆ ئەم پۆستەکاندید کردبوو،و لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی من هاورەگەز بازم ئەوەش شتێکی باشە و دواتر زۆرینەی دەنگی بە دەست هێنا.(ئەوە لە وڵاتی ئێمە بوایە تاکە دەنگێکی بەدەست نەدەهێنا و کەس بەوە ڕازی نەدەبوو (دوودەکییەك) فەرمانڕەوای بێت)سەرۆکی پارتی لیبرالی ئەڵمانی.خاوەنی فێرمای (یۆپ)بۆ مۆدە،ئەلتن جۆنی گۆرانی بێژی بە ناوبانی ئینگلیز گەلێکی تریش کە ئەمرۆ دەسەلاتی سیاسی و دارایان هەیەو لە ناوەندەکانی بریاردا کار دەکەن و زۆرینەی خەڵکی ئەم وڵاتانەش تۆلەرانسن و تێگەیشتنیان هەیە بۆ ئەم چینەی کۆمەل .

لە ئەوروپا هاورەگەز بازەکان شوێنی تایبەتی خۆیان هەیەو لە هەموو شارەکانیشدا قاوەخانەی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ یەکتر ناسین و نزیك بوونەوە لە یەکتری.

لای ئێمەش هاورەگەز بازەکان هەوڵیانداوە کەسایەتی خۆیان بشارنەوە و نەیان توانیوە بە ئاشکرا باس لە هەست و ئارەزووەکانی خۆیان بکەن، لێرەو لەوێش هەرکەسێك شتێکی بەرچاو کەوتبێت دەهۆلی بۆ کوتاون. بۆیە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کەسانێك هەن کە هاورەگەز بازن خەڵکی لای ئێمە پێیان دەڵێن (دوودەکی) وەك نمونەی خراپ باسیان لێوەدەکەن.ئەوانیش وەك هەموو چینەکانی ناو کۆمەڵگە چەوساوەن.

بۆئەوەی نرخ بۆ خۆمان و بەها مرۆیەکانمان دابنێن دەبێت بەیەکەوە هەوڵ بدەین،بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵایەتیدا گۆرانکاری دروست بکەین هەرچی زووترە ئەو دەستەواژە هەڵانە ڕاستبکەینەوە کە ساڵەهایە لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا بە هەڵە ڕۆیشتوون،ئەو شەختەو بەستەڵەکەی چەند ساڵە بشکێنین.پێوانەکان بە پێوەری

ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی بپێوین. لەوەشدا پێویستمان بە کۆمەڵێك کەسانی ڕادیکال لە خۆ بووردوە کە ببنە پێشەنگ.

لە مێژووی هەموو گەلانی دونیاشدا دەبێت کەسانێك ببنە قوربانی بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست و شایستەی مرۆڤ بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکەین .

2005/6/6